## ڕۆژهەڵات، ئەو بەشەی نیشتمان، کە شانازیی بە کولتووری بکوژی خۆیەوە دەکات؟

## شرۆڤەی ڕاپەڕینی بنزین لە ئێران و، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان!

## نامەیەکی سەرئاوالەی دڵسۆزانە بۆ ڕێزدار کاک عەلی جەوانمەردی!

سیروان کاوسی

ڕێکەوتی: ١٠/١٢/٢٠١٩

پێویست بە گێڕانەوەی وردی ڕووداوەکانی نیوەی مانگی ڕابردوو (نۆڤەمبەری ٢٠١٩)، ناکات، دوای ئەوەی شەوی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٤/١١/٢٠١٩ **حەسەن ڕۆحانی** سەرکۆماری ئێران، لەڕێگەی ڕاگەیاندنی ڕژێمەکەیەوە خەڵکی ئاگادارکرد، لە سبەینێوە (ڕۆژی هەینی) نرخی بنزین سێ بەرامبەر زیاد دەکرێ، بڕیارەکەی بوو بە دینەمۆی تەقینەوەی ڕق و بێزاریی کەڵەکەبووی دەیان ساڵەی خەڵک و، لە شەوڕۆژێکدا لەسەرجەم هەرێم و شارەکانی ئێران، زەریائاسا بێسڵکردنەوە بەرەوڕووی هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامیی بوونەوە. ئەوەبوو **عەلی خامنەیی** ڕێبەری ئێران و کاربەدەستانی سیاسی و فەرماندەکانی سوپای پاسداران، حەشیمەتی خۆپێشاندەریان بە ئاژاوەگێڕ و **"ارازل" (خەڵکی سووک و بێنرخ)** و **"اوباش" (خەڵکی بێنرخ و بەرەڵڵا و هەرەمەکی کە پەروەردەی خراپیان هەیە)** و بەکرێگیراوی **ئەمریکا** و **ئیسرائیل** نێوناسکرد. هێزەکانی ڕژێمی ئێران، زۆر دڕندانەتر لە ساڵانی ڕابردوو، بە دەسڕێژی گوللە و ڕەشبگیری و سەپاندنی شەوەزەنگ و ڕفاندنی خەڵک لە نیوەی شەو لە ماڵان و، تەژیکردن و پڕکردنی بەندیخانەکان لە خەڵکی نارازی و نەیاری ڕژێمی ئیسلامیی، وەڵامی داخوازیی خەڵکیان دایەوە. دە ڕۆژێ دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، چارەنووسی هەزاران دەسبەسەرکراو هێشتا نادیارە. لەم پێوەندەدا، ڕۆژهەلاتی کوردستان زۆرترین قوربانیی گرانکردنی بنزینی بەخشێ و هەزاران کەس لەشارەکانی کوردستان گیراون و چاولەڕێی چارەنووسی نادیاریانن!

سەرەڕای ئەوەی ئەو حەفتە خوێناوییە ئاکامێکی زۆر تاڵ و دڵتەزێنی بۆ خەڵک بەدواوەبوو، بەڵام لە دوو ئالییەوە دۆخێکی تازەی لەپێوەندیی لەگەڵ ڕژێمی مەلافەرمانی و خەڵکی ئێران بەگشتیی هێنایە ئاراوە کە دەتوانین لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا ڕوونتر لێوەی بدوێین:

١- بەهۆی ناهۆشیاریی سیاسیی خەڵکی ئێران بە گشتیی، هەر لەسەردەمی سەرکۆمارێتیی **محەمەد خاتەمی** کە بۆ ماوەی (٨) ساڵ، لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٧ هەتاکوو ساڵی ٢٠٠٥ درێژەی کێشا، لەگەڵ ئەم سەرکۆمارەی ئەمڕۆ **حەسەن ڕۆحانی** و هەروەها چەن کاربەدەستێکی دیکەی ڕژێم وەک **کەڕووبی و سەید حەسەن مووسووی،** سالەهای ساڵ ئەو بیرۆکەیان بردبووە مێشکی خەڵک و، وایان لە خەڵکی ئێران گەیاندبوو، لەنێو حکوومەتدا کسانی نەرم و نیان و دەسپاک و خێرخوازیشیان تێدایە و، باڵێکی حکوومەت بکوژ نییە، چاکەخواز و ڕیفۆرمخواز و دڵسۆز و پشتیوانی چینەکانی کەمدەرامەت و ڕۆشنبیرانە و، گەر خەڵک متمانەی پێبکەن، دەتوانێت ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە حکوومەتیش بگێڕێ!! بەم سیاسەتە فێڵبازانەیە ڕژێمی ئێران بۆ زیاتر لە چارەکەسەدەیەک توانی ملیۆنان یار و نەیاری کۆماری ئیسلامیی لە دوو بەرەی بەڕواڵەت جیاواز لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و لەڕێگەی بەشداریی ملیۆنان خەڵک لە

هەڵبژاردنە کارتۆنییەکانیدا لە نێوخۆی ئێران و دنیای دەرەوە بە رژیمێک خۆی بداتە ناسین کە زۆرترین پێگەی جەماوەریی هەیە. بەڵام لەڕۆژی ١٥/١١/٢٠١٩ وەک بڵێی پاش چل ساڵ، گەلانی ئێران لە خەو ڕاچڵەکابێتن، بڕیارێکی دیکەیاندا و، پشتیان کردە هەموو دەستە و دەسەڵاتدارێکی نێو سیستەمی کۆماری ئیسلامیی بە ڕاست و چەپەوە. دروشمی سەرەکیی خۆپێشاندەرانیش، لە دژی سەرۆکی ئاینیی ئێران خامنەیی و، دروشمی ڕووخاندنی رژێمی کۆماری ئیسلامیی بوون. ئەمەش واتای ئەوەیە، قۆناخێکی تازە لە خەباتی سیاسیی کۆمەڵگە و پێکهاتە جیاجیاکانی ئێران دەستییێکردووە.

**٢-** بەرفرەیی و سەرتاسەرییبوونی ڕووداوەکانی حەوتووی خوێناویی ئێران، سەلماندی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی، لەلایەنی یاسای و پێگەی جەماوەرییەوە ڕەوایەتیی خۆی لەدەستداوە و، جگە لە بەشێکی کەمی خەڵک نەبێ کە بە هۆی بیروباوەڕ و بژێویی ژیان و پێوەندیی بازرگانی و ئابوورییەوە گرێدراوی ڕژێمی ئیسلامین، زۆرینەی خەڵک و ڕژێم کەوتوونەتە دوو بەرەی دژ بە یەکەوە. بەهۆی نەرمینەنواندنی ڕژێم و پێڕەوکردنی سیاسەتی ترس و کوشتن و تۆقاندن و سووکایەتیپێکردن و دەسدرێژیکردنە سەر ڕەخنەگر و نەیارانی سیاسی لەلایەن داوودەزگەی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامییەوە، دیواری نێوان خەڵک و ڕژێم ڕۆژ گەڵ ڕۆژ ئەستوورتر و بەرزتر دەبێ. بە کورتی، دوای چل ساڵ، ڕژێمی ئێران لە نێوخۆی ئێران، لە خۆرهەلاتی ناڤین و، لە پێوەندیی نێودەوڵەتیی، بەرەورووی گەورەترین قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیپلۆماسی بووەتەوە. ئەمانەش ئاماژەی ڕوونن و دڵنیامان دەکەن، لەداهاتووی نێزیکدا گۆڕانی گەورە لە ئێران ڕوو دەدەن.

## ڕۆژهەلاتی کوردستان، دۆخی ئێستا و دواڕۆژی!

هاوکات لەگەڵ بزاڤی شار و مەڵبەندەکانی ئێران، لەڕۆژی ١٥/١١/٢٠١٩، خۆپێشاندانێکی بەرفرە و جەماوەریی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستییێکرد و، لەماوەی حەفتەیەکدا بەپێی ئەو هەواڵانەی دەسکەوتوون، دەیان هاوڵاتیی کورد کوژران و بەسەدانیش بریندار کران. دوای دامرکاندنەوەی خۆپێشاندانەکان لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە سەدان کەس دەسبەسەرکراون و، ڕەوتی گرتن و شکەنجە و بێسەروشوێنکردن بەشێوازێکی زۆر دڕندانە بەرامبەر هاووڵاتیانی کوردی ڕۆژهەلات پێڕەودەکرێت.

ئایە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر گرانکردنی نرخی بنزین وەک داخوازییەکی کۆمەڵایەتیی، پێویستبوو هێندە قوربانی بدات؟ یان باشوابوو بێدەنگیی هەڵبژێرێ و چاوەڕانی دۆخی ڕاپەڕینی ئێران بکات؟ کورد لە نیشتمانەکەیدا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست خاوەنی زۆرترین سەرچاوەی نەوتە. نەوتەکەی دەستبەسەردا گیراوە و خۆی خاوەنی نییە و هەستی پێناکا، بەڵام لەسەر گرانبوونی نرخەکەی، خۆی بە کوشتن ئەدات! هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ سالانێکی زۆرە ئەم گەلە لەپێناو کەمترین ماف، زۆرترین قوربانیی ئەدات. کێ لەم کارەساتە مرۆڤی و نەتەوەییە یەک لەدواییەکانەی بەسەریدێت، بەرپرسیارە؟ ئایە کورد خۆی، یان داگیرکەرانی، یان ئەوانەی خۆیان کردووە بە دەمراست و زمانڕەوش و ڕێپێشاندەری؟

له ماوەی چل سال تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەیان هەزار کورد کوژراون، چل ساله هەموو ڕۆژێ ئاوڕوو و کەرامەتی کورد پێشێلدەکرێت. ڕۆژ نییه مرۆڤی کورد له بەندیخانەکان، له کاتی خۆپێشاندانی شارەکان، له سەرسنوورەکان، له هاتووچۆی **کاروانی مەرگ (کۆڵبەرەکان)** گوللەبارانەکرێن. چل ساله ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، کوردستان وەک خاکێکی داگیرکراو و کوردیش وەک گەلێکی بندەست تەماشادەکات. سامان و کانزای تالاندەکا و، زۆرترین چەک و جبەخانه و پێگه و سەربازگەی له کوردستان مۆڵداوه. له هەموو مافێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی بێبەشیکردووه. چینێکی جاشی چەکبەدەست و قەڵەمبەدەست و فەرمانبەری سیخوڕی بەرماوخۆری له کوردستان داتاشیوه و، ڕێی لەبەردەم هەر جۆره پێشکەوتنێکی زمان و ئابووری و فەرهەنگی و ژیانی کۆمەلایەتیی کورددا گرتووه. دوای ئەم چل ساله پڕ له نەهامەتییه، کوردی ڕۆژهەڵات بیری ئێرانچێتییەکەی بەهێزتر بووه و، له بیری نەتەوەی و بیری ڕزگاریی نیشتمانی خۆی بێئاگایه. بەدەگمەن کوردی ڕۆژهەڵات هەیه خۆی به ئێرانی نەزانێت.

چل ساڵ لەمەوبەر و لەساڵی ۱۹۷۹ یزاینیی، خەڵکی ئێران دروشمی **"مردن بۆ شا"** یان بەرزکردەوه و، بڕیاریاندا ڕژێمی پاشایەتیی بڕووخێنن، ڕژێمی ئیسلامیی دامەزرێنن. ئەمرۆ پاشگەزبوونەتەوه و،دروشمی **"مردن بۆ دیکتاتۆر"** ئەڵێنەوه و، دەیانەوێ هەمدیسان ڕژێمی پاشایەتیی بگێڕنەوه سەردەسەلات! گەلی فارس ڕەنگه پێیخۆشبێ هەموو ساڵێ شۆڕشێ هەڵگیرسێنێ، ڕژێمێ بڕووخێنێ و، یەکی دی لەجێی دانێنت! کێ دەکەن به سەرۆک و کامه سەرۆک له وڵات دەردەکەن، بۆ کوردەکه وەکیەکن و هەموویان میری سەربڕن بەسەرییەوه، کورد هەر بێناسنامه و بێمافه، فارسەکەش، دەولەت و ناسنامه و سەروەریی خاکی خۆی و چەن گەلێکی دیکەی بەدەسته و هیچ نادۆڕێنێت! شا ڕۆیی، کورد چی دەسکەوت، ڕژێمی ئیسلامیی بڕوات چی دەسدەکەوێ؟ هیچ! ئەوه ڕاسته که کورد دەبێ پشتگیریی داخوازیی سیاسی و کۆمەلایەتیی خەڵکی ئێران بکات، بەلام له داخوازییەکی کۆمەڵایەتیی، وەک **"ستراتیژ و شەڕی سەروماڵ و شەڕی مان ونەمان" نەڕوانێ**. شەڕی مان و نەمان تەنیا لەپێناو ڕزگاریی خاکی نیشتمان و ڕزگارکردنی نەتەوەی کورد و دەرکردنی داگیرکەرانه له کوردستان. لەبەر ئەوه هەر چەشنه بەرخۆدان و بەرەنگارییەکی توند و خوێناویی ئەگەر له پێناوی سەربەخۆیی کوردستان دا نەکرێت، بەفیڕۆ دەچێت. ئەنجامەکەشی بەهەموو بارێکیدا سوود به دوژمن دەگەیەنێت نەک به کورد.

دۆخی ئێران بەرەو تێکچوون و پشێوییەکی سەرتاسەریی دەچێت. لەگەڵ لەبەریەکترازانی چوارچێوەی دەسەلاتی ڕژێمی ئیسلامیی، عەرەبەکانی خۆزستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێن. هەموو دروشم و شێوازی بەرخۆدان و دروشمەکانیان که به زمانی عەرەبییه، ئاماژەی ڕوونن بۆ زانینی ئەم ڕاستییه. ئازەربایجانی ئێران ماوەی چەندین ساله کەوتوونەته ژێر کاریگەریی بیرۆکەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئازەربایجانەکان و ئیدۆلۆژیی ڕەگەزپەرستانەی **"پانترکیسم"**ی ترکیا و، کەشێکی دژ به کورد لەو لایەشمانەوه له سەرهەڵداندایه. دوای ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، ڕۆژهەلاتی کوردستان کێشەی گەلێک گەورەی له گەڵ گەلی ترک دەبێت. ئێوه ئەگەر بڕواننه ئەو نەخشەی ڕژێمەکەی **ئەردۆگان** و ترکانی ڕەگەزپەرستی ئازەربایجان بلاویان کردووەتەوه، جگه له باشووری کوردستان، هەروەها

بەشێکی زۆری لای سەرووی ڕۆژهەلات لە **سەلماس و بازرگان و خۆی و ورمێ وە هەتاکوو شاری بۆکان و نەغەدە و سەردەشت** بە خاکی خۆیان دەزانن.

بە کورتی، ئەگەر لەساڵی ١٩٧٩ بە بیانووی شەڕی شیعە و سوننە، بە پیلانی کۆماری ئیسلامی و بەهاندانی **مەلاحەسەنی** ئیمامی ورمێ و دژ بە کورد و لەلایەن چەکدارەکانی هۆزی ترکمانی **"قەرەپەپاخ"** بە چەک و تەور و داس و چەقۆ دەسیانکرد بە قەڵاچۆکردنی دانیشتووانی شاری نەغەدە و گوندەکانی **"ئیندرقاش"** و **"قاڕنێ"** و **"قەڵاتان"**، کە سەدان ژن و منداڵ و پیرولاوی کوردیان کوشت و سەدان ماڵیان تالانکرد و، هەزاران کوردیان ناچار کرد زێد و خاکی خۆی جێبهێڵێت و، بەرەو مەهاباد وشارۆچکە و گوندەکانی دیکە بڕۆن، ئەوا لە داهاتووی نێزیکدا لەپێناو جێبەجێکردنی بیری ڕەگەزپەرستانەی پانترکیزم، کوردی هەمیشە قوربانی و کارەساتلێدراو تووشی کوشتن و ئاوارەیی دەبێتەوە و، زێد و خاکی خۆی بۆ نەیارانی بەجێدێڵێت. ئەوەی بە کورتی باسیلێوەکرا، دۆخی ئێستا و پێشبینییەکی دۆخی دوای نەمانی ڕژێمی ئیسلامییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە پێوەندیی لە گەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێژای گوتنە، بەو شێوازە چالاکی و خەباتە لاواز و نانەتەوەی و سەرلێشێواوییە سیاسییەی سەرۆکایەتیی حیزبەکان هەیانە، بەو ناکۆکی و پەرتەوازییەی سالەهای ساڵە لەنێویاندایە، بەو کۆمەڵە چەکدارە ناپەروەردە "نیوە کاسپکار-نیوە پێشمەرگە" ی کە هەیانە، بەدەستەوەستان و چاوەڕوانیی دەیان ساڵەیان کە لە چەن ئۆردووگای **کۆیە** و نێزیکی **سلێمانی** نیشتەجێن، ناتوانین بە گەشبینییەوە بڕوانینە داهاتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان. سەرۆکایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، ئەگەر ئەم نووسینەم بە بێڕێزیی لەقەڵەم نەدەن و، بەچاوی ڕەخنە و بۆچوونی دڵسۆزانە و دڵپاکانە لێی بڕوانن، ئەوا ئەم پێشنیازانەی خوارەوەش، دەخەمە پاڵ ڕەخنەکەم و، داوایانلێدەکەم: لەباتی ئەوەی کە بۆ ڕازیکردنی ڕژێمی خوێنخۆری ئیسلامیی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی **(کوڕەکەی حەمەڕەزاشا و موجاهدینی خەڵک، کە لە کۆماری ئیسلامیی باشتر نین و، باشتر نابن بۆ کورد)**، ناوی خۆتان ناوە: **(ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران)**، ئازایەتی و هەڵوێستی نەتەوەیی بنوێنن و، ناوەکەتان بگۆڕن بۆ: **(نێوەندی بەرەی نیشتمانیی ڕۆژهەلاتی کوردستان)**. بەوەش ڕێخۆشدەکەن بۆ بەشداریکردنی هەموو حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر لەگەڵ ئەو نێوەندە نیشتمانییە. هێزی چەکدارتان لەژێر فەرماندەیەتییەکی هاوبەشی سەربازیی ڕێکبخەن، با ببێت بە بەردی بناخەی لەشکری بەرگریی ڕۆژهەلاتی کوردستان. با بۆ لەنێوبردنی نەخۆشینی بوون بەسەرۆک، لە نێوەندەکەدا هەر شەش مانگ، یان ساڵی جارێک، یەکتان سەرۆکی بێت. بڕیاربدەن بۆ داراییەکی هاوبەش و میدیای هاوبەش و ڕێکخستنی هاوبەش بە ئامانجی کۆکردنەوەی جەماوەری ڕۆژهەلاتی کوردستان، لەدەوری ئەو نێوەندە کوردستانییە، هاوکات لە دەرەوەی وڵاتیش ببێت بە گوتەبێژ و زمانڕەوشی تێکڕای خەڵکی کوردستان. وەک کوردێکی دڵسۆزی کوردستان، تکا و داواتانلێدەکەم، لەپێناو گەیشتن بە پلەوپایەی نادیاری خۆتان لە ئێران، ئەزموونی شکستخواردوو و پڕکارەساتی باشووری کوردستان لە ڕۆژهەلات تاقی مەکەنەوە. دروشمی پێکەوەژیان و فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێرانی نادێمۆکرات و دواکەوتوو، کورد بەرەو کارەساتی گەورەتر دەبات. ئەو هەڵوێستنواندن و ڕاگەیەندراوەشتان لەبارەی ڕاپەڕینی نیوەی دووەمی مانگی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، جێی داخێکی

گەورەیە و بیرکردنەوە و نووسینەکەتان، بەهیچ چەشنێک لەئاستی تەمەنی سیاسەتکردن و حیزبایەتیکردنتان نییە. لە ئاستی گەورەیی کێشەی کورد و خەبات و قوربانیدان و نیوەکی کێشەی رەوای کورد دا نییە کە سەت سالە، بە شێوازێکی سیستەماتیک هەوڵی جێنۆساید و تووناکردنی دەدریت. بۆ ئاگاداریی خوێنەرەوەی هێژا، لە خوارەوە بێ هیچ گۆڕان و دەسکارییەک، دەقی پەیامی **ڕێزدار کاک مستەفا هیجری**، سکرتێری **حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**، لەگەڵ ڕاگەیەندراوەی **"ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران"** دادەنێم:

"کوردستان میدیا: لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای لە خەڵک کرد کە بە هەموو چین و توێژەکانەوە درێژە بە خۆپیشاندانەکان بدەن.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پەیامی "مستەفا هیجری"، لێپرساوی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەنیسبەت خۆپیشاندانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات؛

هاونیشتمانانی تێکۆشەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

دەنگی بەرزی بێزاریتان لە ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی کە هاوارێکی حەقخوازانەیە، تێکەڵ بە دەنگی خەڵکی تووڕەی ئێران، بوو بە سەردێری هەواڵەکانی هەموو دنیا.

هەر چەند گوێچکەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، لە ئاست داخوازەکانی ئێوە کەڕ بووە و لە قسەکانیاندا دەردەکەوێت کە هەتا ئێستاش دەنگی ئێوەیان نەبیستووە، بەو حاڵەشەوە بە یەکریزی و یەکدەنگییەوە، ژن و پیاو، بە هەموو چین و توێژێکەوە شان بە شانی یەکتر لە مانگرتن و ڕێپێوانەکانتان بەردەوام بن و داخوازییەکانی خۆتان هاوار بکەن.

تکایە لەو بەرخۆدانەدا، لە توندوتیژی خۆبپارێزن و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە درێژە بە خەباتەکەتان بدەن، بۆ ئەوەی ڕێژیم بەهانەی بۆ سەرکوت و زەبروزەنگی زیاتر دەست نەکەوێت.

هەموو خەڵکی دنیا پشتیوانتانە، دەنگمان لەگەڵ دەنگتانە و دڵمان لە لاتانە.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدانی ئەم بەرخۆدانەی شار دەکەم و ساڕێژبوونەوەی برینی بریندارەکان بە ئاوات دەخوازم.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرساوی گشتی

مستەفا هیجری

٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی".

.............................................................

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان

ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

لە حەوتووی ڕابردوودا هەموو جیهان بۆ جارێکی دیکە، چاوی لە توندوتیژی و تاوانەکانی "کۆماری ئیسلامی"یەوە بوو. دوابەدوای بەرز بوونەوەی نرخی بەنزین، هەموان دیتیان کە نارەزایەتییە هێمنانەو ئاشتیخوازانەکانی خەڵک بە بارووذۆخی خراپی ژیان و گوشاری ئابووری لە ڕادەبەدەر، بە خێرایی لەگەڵ جەوێکی سەربازی و ئەمنییەتی ڕووبەڕوبوویەوە و لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە سەرکوت کراو بەو پەڕی توندووتیژییەوە وڵام درایەوە. بەداخەوە لە ماوەی بەڕێوەچوونی ئەو نارەزایەتییانە ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان گیانی خۆیان لەدەستداو هەر لەو پەیوەندییەدا بە هەمان شێواز و ڕێکاری هەمیشەیی ڕژیمە تۆتالیتێر و پاوانخوازەکان، شەپۆلێکی بەربڵاوی دەستبەسەرکردن و بەندکردنی بە کۆمەڵ بەتایبەتی لە شارەکانی کوردستان و لە ئەنجامی پشکنینی ماڵبەماڵ دەستی پێکرد. بە پێی هەواڵەکان، ژمارەی دەستبەسەرکراوان گەیشتوەتە هەزاران کەس کە ڕێژەیەکی بەرچاویان لە مێرمنداڵان، ژنان و بریندارا پێکهاتووە. کۆماری ئیسلامی بە لەبەرچاونەگرتنی خواستە ڕەوا و داخوازییە ئاسایی و بەرحەقەکانی چالاکان و پارێزەرانی مافە سیاسی و مەدەنییەکان، بەردەوام بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی سەرکوت و بەکارهێنانی گوشار، هەوڵی لە ناوبردنی ناوەرۆکی کێشەکانی داوە و تەواوی دەرگا و ڕێگاکانی یاسایی، ئاسایی و ئاشتیخوازانەی نارەزایەتی داخستووە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، داوا لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات کە هەموو هێز و توانای خۆیان بە مەبەستی ئازادی هەرچی زووتر و بێ مەرجی نارازییان بەکار بهێنن و گوشارەکانیان لە ئاراستەی بە یاسایی ناسینی مافی کۆبوونەوە و دەربڕینی نارەزایەتی – وەکوو مافێکی حاشاهەڵنەگری هاووڵاتیبوون و دیمۆکراتیک – لەسەر کۆماری ئیسلامی چڕ بکەنەوە. هەروەها جەخت دەکەینەوە کە بەرپرسایەتی پاراستنی گیانی بەندکراوان ڕاستەخۆ لەئەستۆی بەڕێوەبەران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە و پێویستە لەم پێناوەدا لەهەمبەر خەڵک و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وڵامدەر بن

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٠١٩/١١/٢٥

........................................................................................................

ڕێزدار کاک عەلی جەوانمەردی

**کاکە عەلی جەوانمەردی** ئەمرۆکە ناوێکی ئاشنایە و چالاکی و نێوبانگی سنوورەکانی کوردستانیشی تێپەڕاندووە. ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێرێکی سەرکەوتووە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکانی کوردستان و، عێراق و ئێران، لەڕێگەی ماڵپەڕەکەی (**AVA TODAY**) ، سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ و ڕووداوی ڕۆژانەیە و، هەموو ڕۆژێ هەزاران بیسەر و خوێنەری هەیە. ئەو هەواڵ و چالاکی و ڕووداوە بەربڵاو و بەردەوام و بێسانسۆرانەی کاک عەلی جەوانمەردی بڵاویاندەکاتەوە، بەو پێوەندییە بەربلاوەی هەیەتی، بە ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی چەندین حیزبی ئیمرۆکەی

گۆڕەپانەکەی کوردستان نەکراوە و ناکرێت. لەبەر ئەوە جێی ڕێز و پێزانینە و، بەشبەحاڵی خۆم دەستخۆشی لێدەکەم و، هیوای تەندروستی و سەرکەوتنی زیاترم هەیە بۆی.

هاوکات لەگەڵ ئەم تێکۆشینە بەربڵاوەی کە کاک عەلی لە بواری ڕاگەیاندن دەیبات بەڕێوە، ماوەی چەن مانگێکە، بەتایبەتیی دوای ئەوەی لەنیوەی دووەمی مانگی ڕابردوو، بەهۆی گرانبوونی نرخی بنزینەوە، ناڕەزایەتیی زۆربەی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە، بەداخەوە لە پیشەی خۆی کە هەواڵنێرییە، دوور کەوتەوە و، بە تاقی تەنیا، ڕۆڵی سەرپەرشتیکردن و ڕێنوێنیکردنی خۆپێشاندەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتە ئەستۆ و، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنە و فیلمی خۆپێشاندان و پێکدادانی هێزەکانی دڕندەی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵات، دەستیکرد بە هاندانی خەلکی بێدەسەلات و بێچەک و، دەیگوت: **تا سەرکەوتن، وەک عێراقییەکان بەردەوامبن و نەوەستن و، کۆڵنەدەن. مزگێنیی ئەوەشی دائ: خوێنی بەناحەق ڕژاوی لاوانی کورد، دەبێتە داری ئازادی و شین دەبێتەوە!".** حیزبەکانی ڕۆژهەلاتیش کە دەیان سالە دوورن لە خەباتی کردەیی و، دانیشتنی درێژخایەن لەپەڕوباڵی خستوون، جگە لە دەرکردنی ڕاگەیەندراوە، هیچیان لێنەبینرا و، بە کردەوە بوون بە بینەر و خوێنەر و بیسەری فیلم و لێکدانەوە و دەنگوباسەکانی کاک عەلی.

کاک عەلی جەوانمەردی لەگەڵ هەموو دڵسۆزی و نیازپاکییەک هەیەتی، لە بیری نەتەوەیی تێنەگەیشتووە و، دڵپاکێکی نەشارەزا و کەمئەزموونە و، نازانێت: **"داری ئازادیی کورد، بەبێ بەرنامە و بێ ئامانجێکی ڕوونی نەتەوەیی، شین نابێت!".** وەک چۆن ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا، نەبووە هۆی شینبوونی داری ئازادیی بۆ کورد، یان ڕووخانی ڕژێمەکەی بەعس و سەدام حسێن، نەبووە هۆی ئەوەی ئازادیی بۆ کورد بەدیاری بێنێت، بەدڵنیاییەوە دوای ڕووخانی ڕژێمی داگیرکەری ئیسلامییش، ماڵوێرانی و قوربانیدانی کورد بەفیڕۆدەچێ و، دیسان وەک پێشوو، ریسەکەی لێدەبێتەوە خوری.

کاک عەلی هێژا!

بەهۆی پێڕەوکردنی سیاسەتی چەوت و نانەتەوەییانەی سیاسەتکارانی کورد، کە ئێستا بەڕێزیشت دەگرێتەوە،دوای سەت ساڵ بندەستی و دوای سەت ساڵ قوربانیدان، داخوازیی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی خاک و نەتەوە و سەربەخۆیی، لەبیری ڕزگاریی کوردستانەوە، گۆڕاوە و، بووە بە ڕاپەڕین و خۆبەکوشتندان لەپێناو هەرزانکردنی بنزین. ئەم کارەساتەش بەسەر کوردی بێ پلان و بێ ئامانجدا تێپەڕ دەبێت، ماوەیەکی دیکە لەسەر گرانکردنی نرخی هێلکە و تەماتە و مریشک، یان هەر پێداویستییەکی دیکەی ژیان، خەڵکی ئێران ڕادەپەڕنەوە، کوردستانیش بەوتەی بەڕێزت وەک هەمیشە پێشەنگ بووە! دەبێ کۆمەڵێکی دیکەی ڕۆڵەی کورد بە گوڵەی دوژمن تێدا بچن، ئەوجا بەڕێزت و، سەرۆکی حیزبەکانیش لە دوورەوە هانیان بدەن و بڵێن: **مەترسن، چۆنکە ئازادیی بە بێ قوربانی نایەتەدی!** هەروەک بەڕێز کاک **مستەفا هیجری** لە پەیامەکەیدا کە لەم وتارەدا دامناوە، دەفەرمێ: **"هەموو دنیا پشتیوانتانە، دەنگمان لە گەڵ دەنگتانە، دڵمان لەلاتانە!!".** دڵسۆزیی لەمە باشتر دەبێت!؟ ژن و منداڵ و پیاو و لاوی خوێنگەرمی ولاتەکەت کە بۆ داخوازییەکی کۆمەڵایەتیی هاتووەتە سەر شەقام، بەدەستی بەتاڵ و بێ هیچ پشتیوانێک، هانبدەی بەرەوڕووی دڕندەترین و

دواکەوتووترین رژێمی سەردەم بێتەوە، خۆڵ بکەیتە چاوی و بڵێی: **دنیاتان لەگەڵە، بەڵام خۆم و ئەندامان و هێزی پێشمەرگەم، دڵمان لەلاتانە!!** ئایە بەڕێزت و کاک مستەفا هیجری و هەموو ئەندامانی سەرکردەیەتیی حیزبەکانی رۆژهەلات، دوای چل ساڵ، لەوە نەگەیشتوون، داوودەزگەی رژێمێک **لە زیندانەکانیدا هێند بێرەوشت بێت، دەسدرێژیی بکاتە سەر خەڵکی ناڕازیی گەلی خۆی، هەزاران ناڕازیی گەلی خۆی، لە زیندانەکانیدا کۆمەڵکوژ بکا و، کەس بە گۆڕیان نەزانێ، رەخنەگر و ناڕازیی گەلی خۆی بە بەرەڵلا و بێرەوشت و سەرسەری (ارازل و اوباش) بداتە قەڵەم، ئایە وەک مرۆڤ تەماشای کوردی بندەستی کردووە و، دەست لە کورد دەپارێزێ!؟**

کێشەی کورد، کێشەی خاک و نیشتمانێکی پارچەکراوە، کێشەی نەتەوەیەکی پارچەکراو و نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و بندەستکردن و زەوتکردنی هەموو مافێکی یاسای و مرۆڤی و نەتەوەییە لێی. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تەنیا بە دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چارەسەر دەکرێت. هەموو بەشێکی کوردستان وەکیەکە و، چارەنووسی نەتەوەی کورد پێکەوە گرێدراوە. ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گەورە و پیرۆزەش، بەبوونی دەزگەیەکی نیشتمانیی دەکرێت کە پێکهێنەرانی باوەڕیان بەم پرنسیپانە هەبێ و، لادان لێی بە تاوانی نیشتمانیی بزانن. رزگارکردنی کورد و کوردستان، بە بوونی سوپای نیشتمانی و میدیا و رێکخستنی نیشتمانی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکی نیشتمانیی دەکرێت، لەکۆتاییدا هاندانی خەلک بۆ راپەڕین، لە هەلوبارودۆخێکی گونجاوی سیاسییدا دەکرێت، جەماوەری کوردستان،متمانە و باوەڕی تەواویان بە سەرۆکایەتی و گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازیی خۆیان و نیشتمانیان هەبێت.

لەبەر ئەوە هاندانی خەڵکی کوردستان لە دۆخی ئێستا بۆ راپەڕین بەبێ بوونی ئەو مەرجانەی سەرەوە، بەبیر و تێگەیشتن و لێکدانەوەی تاکەکەسی، بە بیری حیزبایەتی و ناتەبایی و چاوسۆرکردنەوەی سەرۆکایەتیی حیزبەکان لەیەک، بەهەوڵدانی حیزبی بۆ دەستخستنی پلەوپایەی سیاسیی لای رژێمی داگیرکەر و ئۆپۆزسیۆنی وڵاتانی داگیرکەر، بە بیری ئێرانچێتیی و پاوانخوازیی ناکرێت. دەیان سالە نەتەوەی کورد بەهۆی پێرەونەکردنی ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەلایەن حیزبەکانییەوە، بەرەوڕووی کارەساتی یەک لەدواییەک و ماڵوێرانی و قوربانیدانی بێئەژمار بووە. درێژەدان بە رەوتی بەکوشتندانی رۆڵەی کورد بێ لێکدانەوە و بێ ئامانجێکی روونی نەتەوەیی، **واتای بێڕێزی و بایەخنەدانە بە گیان و چارەنووسی هاووڵاتیانی کوردستان و، تاوانێکی گەورەیە و، مێژوو لە تاوانی کەس خۆش نابێت!**

کاک عەلی بەڕێز!

لەبارەی ئەو بزووتنەوەی عێراقەوە کە بەڕێزت بە شانازی و سەرکەوتنی دەزانی و، نێویتناوە: **"شۆڕشی ئازادیی عێراق!"** و هەزاران رۆڵەی کوردت پێ سەرقاڵکردووە، بۆچوونەکەت دوورە لە راستییەوە. "ئازادیی" واتای یەکسانییە لە ماف دا. یەکسانیی نێوان مرۆڤ لە هەموو روویەکەوە، بێجیاوازیی. واتە بەبێ یەکسانیی، ئازادیی هیچ واتایەکی نییە. ئایە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدار و خەڵکی عێراق بەگشتیی، لەم سەتسالەی کە کورد لە ولاتە دەسکردەکەیان جێنۆساید دەکرێت، باوەڕیان هێناوە بە مافی وەکیەکی و یەکسان لە گەڵ کورد؟ ئێمە هەر باسی عێراق نەکەین، ئایە تێکڕای کۆمەڵگەی وڵاتانی رۆژهەلاتی ناڤین لە واتای "ئازادیی" تێگەیشتوون؟ ئەگەر وایە ئەم هەموو رژێمە دیکتاتۆر و ئەم شەپۆلی سەربڕین و خوێنڕشتنە لەسەرەتای سەدەی بیستویەک، لەپێناوی چیدایە؟ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، تەنانەت

ئەگەر قسەکەی ئێوە راست بێ و، ئەو خەڵکە لە ئازادیی تێگەیشتبێتن و، بۆ دابینکردنی ئازادیی خۆیان راپەڕیون، دیسان ئەمە پێوەندیی بە کوردەوە نییە، هەروەک راپەڕینی ئێران نییەتی و نابێت ببیبت. کەتەلۆنیا و سکاتلەند دوو وڵاتی رۆژاوای ئۆرووپان، لەوە دڵنیان رژێمەکانی سپانیا و ئینگلیز سیستەمێکی دێمۆکراتیان هەیە، هەردووکیان بەتایبەتیی سکاتلەند، بەسیستەمی کۆنفێدراڵی بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەو دوو گەلە نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بە شوورەیی دەزانن و، کیان و ناو و هەست و کەسایەتیی خۆیانی تێدا نابینن. ئەوەی کە لە عێراقدا روودەدات، شانبەشانی داخوازیی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت، چینی ئاینزای شیعە دەوری تێدا دەبینێ بەسەرۆکایەتیی **ئایەتوڵڵا سیستانی**. لە بیر و پیلانی ئەوەدان، ئەگەر بۆیان بچێتەسەر، رژێمێکی ئیسلامیی **"شەشدانگ شیعە"** لە عێراق دامەزرێنن. با لە باتی سەرقاڵبوون و چاوەروانبوون کە دۆخی عێراق بە کوێ دەگات، لە باتی گێژکردنی خەڵکی کوردستان بە سەرهەڵدانی ئازادیی لە عێراق، کورد لە خەونی ئاڵۆزی سەتسالەی راچڵەکێ، سوود لەم پشێوییەی عێراق وەربگرێ. سەرۆکایەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان لە باشوور لە هەوڵی گێرانەوەی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکاندا بن، کە ساڵی ٢٠١٧ بەدەستی دارودەستەی جاش و خیانەتکارانی کورد هەرزانفرۆشکرا و تەسلیمی داگیرکەران کرا.

برای هێژا، کاک عەلی!

لە کۆتاییدا، هەروەک لە سەرەوەش نووسیومە، بەڕێزت لەبواری راگەیاندن توانا و زیرەکیی خۆتت پێشانداوە. لە کوردستان و لەدەرەوە، بینەر و بیسەرێکی زۆرت هەن، وەک کوردێکی دڵسۆزی کورد و کوردستان، تکایەکی برایانەم هەیەلێت، هاوکات لە گەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و رووداوەکان و خستەڕووی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران و، لە کوردستان و، دەنگوباسی وڵاتانی دراوسێی کوردستان، حەفتەی چەن بەرنامە تەرخان بکەی بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوان و چینی خوێندکاری کوردستان. بۆ ئەم ئەرکە گرنگ و پیرۆزە، بە دڵنیاییەوە کەسایەتیی زانا و نەتەوەپەروەر زۆرن هاوکار و یارمەتیدەرت بن. پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی و هۆشیاریی نەتەوەیی لە کورستان، گەورەترین خزمەتێکە ئێوە دەتوانن بە گەلەکەتانی بکەن. هێما و سومبۆل و رووداو و کارەساتەکانی وەک هەڵەبجە، شەنگال، ئەنفال، کوشتاری بەردەوامی کۆڵبەران، دیاریکردنی رۆژێک بۆ سەرجەم لەسێدارەدراوانی رۆژهەلات بەدەستی رژێمی پەت و سێدارەی ئێران، بەرخۆدان وکارەساتەکانی باکوور و رۆژاوا، بکرێن بە رۆژی ماتەمینیی سەرتاسەریی لە کوردستان، مانگرتن و خۆپێشاندان و کۆڕوکۆبوونەوە و سەمیناریان لەسەر بگیرێت. لەم رێگەیەوە هەست و باوەڕی هاوبەش و سۆز و چارەنووسی هاوبەش لای تاکی کورد درووستدەکرێت. پرسی رێفراندۆم بۆ کوردستان، وەک داوایەکی مرۆڤی و یاسایی ببرێتە نێو مێشکی هەموو تاکێکی کوردەوە. دروشم و خەتدان و رێنوێنیکردن بە ئاقاری پەرەپێدانی هزری نەتەوەیی و هۆشیاریی نەتەوەیی، نەتەوەی کورد دەخاتە سەر شارێی تێکۆشین و خەباتی رزگاریی نیشتمانی و، لەو گێژاوە هزری و سەرلێشێواوییە رزگاریدەکات کە دەیان ساڵە تووشی بووە. کوردستان لە دۆخێکی ئێجگار پرمەترسی و چارەنووسسازدایە و، هەر تاکێکی کورد ئەو راستینەیە تێبگا و بزانێ، کەسایەتی و ئاوڕو و ئاسایش و هەبوونی وەک مرۆڤ، تەنیا لەسایی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندایە و، هەر تاکێکی کورد ئەرکی سەرشانیەتی بۆ پچڕاندنی زنجیری کۆیلەتی خۆی و گەلەکەی تێبکۆشێت!

سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم

سیروان کاوسی

١٠/١٢/٢٠١٩